www.kurdistannet.org
03/07/2003 21:23

# دەزگای سەردەم . دەزگای نانبڕین‌و ناعەدالەتی

(ئێمە تەنها نین)

**بانگەوازێک بۆ بەڕێزان :**

- **تەواوی رۆشنبیران‌و نوسەرانی ناوەو دەرەوەی کوردستان**
- **بۆ بەڕێزان : مام جەلال‌و کاك مەسعود بەرزانی‌و دکتۆر بەرهەم‌و وەزارەتی رۆشنبیری‌و تەواوی لایەنە پەیوەندیدارەکان.**
- **بۆ تەواوی رۆژنامە ئەهلی‌و حکومییەکان.**
- **بۆ تەواوی سایت‌و ماڵپەرە کوردییەکان لەسەر ئینتەرنێت**
- **بۆ تەواوی تەلەفزیۆن‌و رادیۆکانی ناوەو دەرەوەی کوردستان**

سادەترین تەفسیر بۆ دیموکراسی‌و مەدەنیەت دەربڕینی ڕاوبۆچون‌و نارەزایی‌و رەخنەیە بە ئازادانە بەرامبەر ناحەقی‌و ناعەدالەتی. ئەلف‌و بێکانی دیموکراسی قسەکردنە لەسەر مافەکانی هاولاّتیبوونی خوّت‌و ئەو ناعەدالەتییەی بەرامبەرت دەکرێ، لە ڕاستیدا دیموکراسییەت ئەوە ناگەیەنێ تۆ مافی من بخۆیت‌و سێ چوار موچەی خەیاڵی لە حکومەت‌و حیزب وەرگری‌و تاکە یەك موچەی شەق‌و شڕ بە من‌و هاوەڵانی من بە رەوا نەبینی.

لە ژێر سەردێری ئێمە تەنها نین. تەواوی لایەنە بەرپرس و کەسانی ڕۆشنبیر و ئەدیبان‌و ڕوناکبیرانی کوردستان‌و دەرەوەی کوردستان ئاگاداردەکەینەوە کە ماوەی سیازدە ساڵە لە هەموو لایەکەوە ناهەقی بەرامبەر بەرۆشنبیران‌و ئەدیبانی سەربەخۆو گەنجان‌و هاولاّتیانی بێ لایەن دەکرێت، چەندین جار لەم پارچە خاکەدا بەناوی جۆراوجۆرو لەرێی چەندین دەروازەو کەناڵەوە سەرووەت و سامانی ئەم وڵاتە بە هۆی هەندێك کەسانی نا بەرپرس و ناعادلەوە بە هەدەر دەڕوات، سەر باری نایەکسانی مووچەو خزمەتگوزاری، کە چۆن بینیمان لەو ماوەیەدا تا ئەورۆکە بەرپرسی نابەرپرس و بە ناو ڕۆشنبیر و ڕوناکبیرە سەلەفیەکانی ئەم وڵاتە دژایەتی کەسانی دڵسۆزو خۆنەویست‌و ڕۆشنبیرە جدییەکان دەکەن، هەرجارەو بە بیانوویێك پەراوێزیان دەکەن‌و موچەیان دەبڕن‌و لەسەر کار لایان دەبەن، ئەوە بۆ خۆی چەند ساڵە ئەو نەریتە پەیڕەو دەکرێت، ئێمە ئەورۆکە کۆبووینەتەوە لەسەر هەڵدانەوەی دۆسییەکانی ئەم چەند ساڵەی ڕابردوو، دەکارین تەواوی ئەو ناوەندانە بخەینە بەردەم لێپرسینەوە و لێپێچینەوەو تاوتوێکردن‌و هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەریان، ئاشکرایە چەندین ساڵە کەسانێك بەناوی ڕۆشنبیری‌و بەناوی ئەدیب و ڕووناکبیرەوە لە چەندین لاوە موچە وەردەگرن و دیاری ئەم حیزب و ئەو حیزب وەردەگرن وەك غەنیمەیەك ئەو سەرووەت و سامانە لەناو خۆیاندا دابەش دەکەن، ئێمە وەك کەسانێکی ڕۆشنبیرو سەربەخۆ بە توندی نارەزایی دەردەبڕین بەرامبەر ئەو کارانەیان، کە لە کاتێکدا کۆی موچەی هەریەکێك لەوانە خەیاڵیەو بەناوی ڕۆشنبیرانەوە قسەش دەکەن، ئەوانە ڕەنگە پێیان وابێت ڕۆشنبیران‌و نوسەرانی ناوەوەو دەرەوەی کوردستان بێ ئاگان لەم حاڵ و مەسەلەیە، ئەوا زۆر بە هەڵەدا چوون و زۆر خراپ تێگەیشتوون، لەبەر ئەوە بانگەواز بۆ هەموو ڕۆشنبیران‌و نووسەران‌و ڕۆژنامەنووسانی ئازادو سەربەخۆ دەکەین، کە ئیتر کاتی ئەوە هاتووە قبوڵی ئەوە نەکەین کەسانێك بەناوی ئێمەوە بەرەکەتی حیزب‌و دەسەڵات بخوات و ڕۆشنبیرانی پێ سووك بکات، کاتی ئەوە هاتووە ئەو کەسانە بدرێن بە دادگا کە چەندین ساڵە بە ناوی بەرپرسیارێتیەوە چەندین مووچەی لابەلاو لە چەندین لاوە مەکرەمە دەکرێن و لاف و گەزاف بەسەر ڕۆشنبیرانی سەر بەخۆو خاوەن هەڵوێست دا لێدەدەن. کاتی ئەوە هاتووە ئیتر پێیان بڵێین ئیتر بەسە پارەخواردن‌و دەرکردنی خەڵك. ڕەنگە ئەم پێشەکییە خستنەڕووی کەمترین ڕاستیەکان بن بۆ ڕۆشنبیران‌و لاوان‌و نووسەرانی کوردستان‌و دەرەوەی کوردستان.

دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم لە یەکەم ڕۆژی دامەزراندنیەوە کە دەکەوێتە ڕێکەوتی (١٩٩٨) بەهۆی جوهد و دڵسۆزی کارمەندان و نووسەرەکانیەوە و بە پشتیوانی نووسەرانی دەرەوەی دەزگا و دەرەوەی کوردستان تا ئەورۆکە بەردەوامەو کاری زۆر باشی کردووە، بەڵام دوابەدوای بارودۆخی دوای جەنگ و لەکاتی جەنگدا ئەوە بۆ چەند مانگێك دەبێت مووچەی کارمەندان بەدۆلار ئەدرێت بەڵام بە داشکانەوەی (یەك بە دە) ، ئەمەش بۆ خۆی کاری کردە سەر بژێوی ژیانی کارمەندان و نووسەرانی دەزگای سەردەم، بەڵام ئێمەش وەك هەموو هاولاّتیانی کوردستان ڕازیبووین بە بارودۆخەکەو کێشەیەکمان دروست نەکرد، بەڵام دوابەدوای ئەو بارودۆخە ناهەموارەی ژیان، هەستان بە پیادەکردنی پرۆسەی کەمکردنەوەی نووسەران و کارمەندان بە بیانووی ئەوەی گوایە پارە نییەو

www.kurdistannet.org
03/07/2003 21:23

موچـەمان بـۆ دابینناکـرێ، لەکاتـێکدا ئەندامانـی ئەنجوومەنـی دەزگـا زۆربـەیان سـێ چـوار موچەیان لە دەرەوەی دەزگا هەیە بەناوی جۆربەجـۆرەوە. پاش ئەم هەموو ناهەقیانە هەستان بە دەرکردنی شازدە نووسەرو کارمەندی دەزگاکە کە موچەیان لـەم بارودۆخەدا ناگاتە دامێنـی موچـەی ئـەوان کـە موچـەو پاداشـتی سـیحری وەردەگرن، لەبەر ئەوە ئێمە بە توندی ئیدانەی ئەو ئیهانەیە دەکەین و بە توندی نارەزایـی دەردەبـڕین بەرامبەریانو داوای پشتگیریش لە هەموو کەسێکی دڵسۆزو سەربەخۆ و ڕۆشنبیر دەکەین. بانگەوازیان بۆ دەکەین کە ئیدانەی ئەو کارەبکەن.

بـا ڕۆشنبیرانو دڵسۆزان لە ڕاپرسییەکدا ئەوە بخەنە ڕوو کە ئەم نوسەرانە کێن کە بە بیانووی بارودۆخی خراپی ئابوریەوە دەرکراون، ڕۆشـنبیرانو گـەنجانو هاوڵاتـیان ئەوە دەزانن کە هەریەکێك لە ئێمە خاوەنی چەندین کتێبـو گوتارو دەقو نوسینی رەخنەگرانەین. ئێمە دڵسـۆزی خـاكو قەڵـەمو مـرۆڤو هاوڵاتیانـبووین، هاوکـات گەورەترین تاوان لـەم ڕۆژەدا ئەوەیە کە لەئاست ناهەقییەکان بێدەنگبین .

ئەمـرو ئـێمەی بەرکەوتین سبەینێش ئێوەی بەردەکەوێو ئێوەش نانبڕاودەبن. دواجار ئێمە بەو کەسە ناعادیلانە دەڵێین قەڵەمی سەربەخۆی ئـێمە زۆر لـە قەڵەمەکـەی ئـێوە بەسـەبرترو بەکارتـرە، ئـێتر ناهەقی قبوڵناکەینو ئێمە تەنها نین، ئێمە دنیایەك گەنجو دنیایەك ڕۆشنبیری سەربەخۆمان لە پشتە. ئێمە هەزاران ئیمزامان کۆکردوتەوە بەرامبەر ئەو ناهەقی یە، چەندین ڕۆشنبیرو چەندین نووسەر و توێژی لاوان و نـەوە نـوێکانمان لـە پشـتە، ئـێمە خـەڵك دەمانخوێنێتەوەو بـە دوای کتێب و نوسراوەکانماندا دەگەڕێن، ئێمە تەنهانینو هەزاران دەنگی سـەربەخۆ لـەگـەڵ ئـێمەدا هاواردەکـەن بەرامـبەر ناهەقی. ئێمە ناتوانین ئەو ئیهانەیە قبوڵبکەین، ئێمە ڕێز لـەو کەسانە دەگرین کە ڕێز بۆ دڵسـۆزیو جدیبوونی ئێمە دادەنێن، بە هەمان شێوە ڕێز لـەو کەسانەش دەگرین کە هەگبەکەیان پڕە لە ڕقو کینەو حساب بۆ دڵسۆزی ئـێمە ناکـەن. ، بـەڵام هەرگـیز لـەو بـاوەڕەدا نەبـووین دەزگایەکـی ڕۆشـنبیری وەك دەزگای سەردەم بەم شێوە ڕەفتار لـەگەڵ نوسەرو کارمەندەکانیـدا بکـات، کـە هەریەکـەیان سێ چوار سوپاسنامەو ڕێزلێنانی هەیە. . سەبارەت بەڕوونکردنەوەکەی دەزگای سەردەمیش هەنـدێك لـەو خاڵانـەی لـەو ڕوونکـردنەوەیەدا هاتووە، ئێمە لەگەڵیداین، وەك قەیرانی ئابووریو، باری دارایی، یارمەتیدانی نوسەران، بەڵام کێ لەسەرکار لابراوەو کێ ماوەتەوە. . کێ چەند موچەیەکی تری هەیەو کێ تەنها موچەکەی سەردەم. . کامیان چالاکیان زیاترە. . ئـێمە یـان ئەوانـە، لەکاتـێکدا بـا ڕۆشـنبیران خـۆیان سەرپشـك بـن. لـە گـۆڤارەکاندا هـەر قەڵـەم قەڵەمی ئێمە بووە لەگەڵ قەڵەمە چالاکەکاندا، لە چاوپێکەوتنەکاندا هەر ئێمە دیاربووین، لە کۆڕو کۆبوونەوەو سیمینارەکاندا هەر ئێمە بوونمان هەبووە. . لە نانبڕینیشدا هـەر ئـێمە چـالاكو نانـبڕاوبووین !! لـە ڕاپرسیو ئیمزاکۆکردنەوەشدا هەر ئێمە براوەین کە لە ٩٥٪ ڕۆشنبیران پشتگیریمان دەکەن .

لەبەرئەوە داواکارین :

١–ئـێمە داوای مافـی خـۆمان لـە حکـومەتو لایەنـە پەیوەندیدارەکانو دەزگای سەردەم دەکەین. چونکە هەندێکمان هیچ موچەیەکی دیکەمان نییە.

٢–ئـێمە داواکـارین ئـەم جـۆرە لـە ئەخلاقـی دەرکـردنە نەبێتە نەریتێك بۆ دەزگا ڕۆشنبیریو ناوەندە مەدەنییەکانو حیزبییەکان کە بە ئارەزووی خۆیان کارمەندانی خۆیان نانبڕاوبکەن.

٣–دەبێت دەزگای سەردەمو هەر شەش ئەندامەکەی ئەنجومەنی دەزگا بە ڕەسمی داوای لێبوردنمان لێبکەن.

٤–موچـەی پـێنج مانگمـان بـۆ دابینـبکەن، چـونکە بەپێـی یاسا پەیوەستنامەی کاریان پێشێلکردووە، لە کاتێکدا دەبێت مانگێك بەرلە لەسەرکارلابردنی کارمەند ئاگاداربکرێتەوەو موچەی چەند مانگێکی بۆ دابینبکرێت.

٥–داواکـارین لـە ئـیدارەی نوێـی کوردستانو دکتۆر بەرهەم ساڵح چاو بخشێننەوە بەو چوار پێنج موچە خەیاڵییەی کە چەندین ساڵە کەسانێکی وەك ئەندامانی ئەنجومەنی دەزگای سەردەم لافو گەزافی پێوە لێدەدەن.

دەستەی بەڕێوەبردنی نارەزایی

٢٠٠٣/٦/٢٩

ئەم بەیاننامەیە بەم زمانانە بلاۆدەبێتەوە

(کوردی، ئینگلیزی، عەرەبی ) بەتیراژی : ١٥٠٠ دانە

سوپاس بۆ : ئەو ڕۆشنبیرو نوسەرە بەرێزانەی هاوکاریان کردین